کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلەکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە
www.kurdistannet.org
28-1-2007 20:16 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# لەسەر لیژنەی کرین ناکۆکی هەیە چجای کاری وەزارەتەکان! ... ئازاد قادر

هەر لە سەرەتاوە یەکگرتنەوەوی هەردوو ئیدارەی کوردیم زۆر بە ئەستەم دەزانی. چونکە مەدای عەقل و بیرکردنەوەی هەردوولام زۆر بە باشی هەلسەنگاندبوو و دەمزانی یەك بست زیاتر ناروانننە پێش خۆیان و هەمیشە دەفتەری کۆن هەلدەدنەوەو رابردوو شەن و کەو دەکەن. بەشێوەیەکی گشتی ئەمە عەقل و بیرکردنەوەی کورد بەگشتی و سەرانمان بەتایبەتی بووەو هێندەی خۆمان بە خالە ناکۆکەکانەوە دەبەستین و وەکو سیکوتین پێوەی دەلکێین چارەکێکی ئەوە پی داناگرین لەسەر خالە کۆکەکان. ئەمە دەردی لەمێژینەی کورد بووەو وادیاریشە تا هەتایە هەر وا دەبی.

کە هەردوو ئیدارەی کوردی پاش چەرمەسەریەکی زۆر بە ناتەواوی یەکیانگرتەوەو ئاهێك بەبەری ئەو خەلکە بەستەزمانەدا هات و وتمان وادیارە دەردە خۆکوژی بەری داوین و ئیدی هەرگیز بەخۆمان نالێین کورد خۆکوژە. بەلام بەداخەوە وادیارە ئەو پەتایە موزمینەو لەگەلماندا دەچێتە خاکەوە چونکە وا سالێك تی پەری بەسەر یەککرتنە ناتەواوەکە هێشتا هەر بەلێن بە یەگگرتنەوەی تەواوەتی دەدری و هەر دەوتری هێشتا زروفی زاتیو مەوزوعی نەگەیشتوە. کەچی دەرکەوت نەك هەر ئەو زروفە پی نەگەیشتووە بەلکو هەر چەکەرەشی نەکردوەو هێشتا عەقلیەتی پاوانخوازی لەخوارترین ئاستەکاندا بالایە. بەرادەیەك گەیشتۆتە ئەو ئاستەی لە زۆر فەرمانگەکاندا ناکۆکی هەیە لەسەر دانانی سەرۆکی لیژنەی کرین!! بەلی ئەمەیە ئاستی یەکگرتنەوەی هەردوو ئیدارەی کوردی هەر بۆیە دەنگۆی ئەوە هەیە کە هەشت وەزارەت بگوازرێتەوە بۆ سلێمانی!!

---

Copy addresses and emails from any email account to Yahoo! Mail - quick. easy and free. Do it now. . .

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بلاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.